# پێڕست


بانگەوازێکی دڵپاکانە بۆ هەموو ........................ ٧

بانگەوازێك بۆ نەتەوەی کورد و هەموو خەڵکی کوردستان ............ ١١

دوکتۆر جەمال نەبەز لە کۆڕێکی پێنج سەعاتیدا ................ ١٥

لە وەرامی پرسیارێکی کوردستانی نوێ دا ....................... ٢١

مەبەستم کۆماری فیدەڕالی کوردستانە، نە کەمتر و نە پتر......... ٢٨

خاین و خیانەت و خیانەتکار و خیانەتکاری ..................... ٤٢

پەیمانی واشنتۆنی ١٩٩٨/٩/١٧ چۆن هەڵدەسەنگێنن و ............ ٥٥

لە دیدارێکدا دوکتۆر جەمال نەبەز ڕێککەوتننامەی ................ ٥٩

پاش نیوەڕۆیەك لە خزمەت شای کوردستان ........................ ٦٦

چەند سەرنجێك لەبارەی سەردانەکەمانەوە ........................ ٩٠

وتووێژی تەلەفزیۆنی «کوردسات» لە گەڵ د. نەبەز .................. ٩٦

پێ کێ کێ ...... بەرەو کوێ؟؟؟................................ ١١٠

بۆ بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» لە .................. ١١٥

کوردستان «کوردستان» ی کردە ڕاستی .......................... ١٢١

سەرنجدانێك لە هەڤپەیڤینی «میدیا» لە گەڵ شاکری خدۆ ............ ١٢٦

پەیامی مامۆستا جەمال نەبەز بۆ کۆنگرەی پێنجەمی ................ ١٤١

برای خۆشەویست و بەڕێز مام جەلال ............................ ١٤٣

«فەقیانە» کەی شێخ مەحموود بوو بە «دەستەسرە» ................. ١٤٥

ئەمریکا و تیرۆر و کورد ..................................... ١٥٥

کورد لەڕۆژانی پەلاماردانی ئەفغانستاندا .......................... ١٦٥

ئازادی و حیزبایەتی ......................................... ١٦٩

دەورویەرییەوە و، بەوهەموو کێشەسەختانەی نێوخۆیەوە، بووە بە بەردێکی قورس لەسەر دلی ئەوروپا. راستە دەولەتی ترك ئەندامی پەیمانی ناتویە و، ولاتەکەی لەرووی ستراتیژیی سوپاییەوە بۆ ئەوروپا گرنگە، بەلام ئەوروپا ئەندامێکی دەویْ کە ئاسایش لە مالەکەیدا مسۆگەر بیْ و، دراوسێکانی دانەجیرێنیْ لێیەکەن. لەبەرئەوە شتێکی سەیر نییە ڤێرهەوێگن کاربەدەستی بەرپرسیاری وەرگرتنی ئەندامی نویْ بۆ یەکێتیی ئەوروپاله رۆژی ٨/١٦ دا لە برۆکسل گوتی: «ترکیا هەرچەندیْ لەباری ستراتیژەوە بۆ ئەوروپا گرنگ بیْ، نابیْ بەتەمای ئەوە بیْ کە ئەوروپا هەلسوکەوتێکی تایبەتی لەگەلدا بکا. ترکیا بەم کەموکورتییەوە کە هەیەتی لەبارەی مافی مرۆڤ و مافی کەمایەتی و پێوەندیی دراوسێکانییەوە، ناتوانیْ ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا».

هەرچی پیْ کیْ کیْ یشە ئەوا بەدلنیابییەوە دەبێژم: تەنانەت ئەگەر پیْ کیْ کیْ وەك حیزبێکیش بمێنیْ و نەبێتە چەند پارچە و دەستەیەکی دژیەیەك، ئەوا ئەو پیْ کیْ کیْ یەی جاران نابیْ، واتە ئەو پیْ کیْ کیْ یە نابیْ کە بتوانیْ لە شەووڕۆژێکدا سەت هەزار کەس کۆبکاتەوە و لە شەقامەکانی ئەوروپادا خۆپێشاندان سازبکا. ئەو پیْ کیْ کیْ یە نابیْ کە بە هەزاران ئەندام و لایەنگری فیداکار و سەرلەپێناوی هەبیْ و ئامادەی خۆسووتاندن بن لە پێناوی فەرمانێکی سەرکردەکەیاندا.

ئەو پیْ کیْ کیْ یە نابیْ کە خاوەنی سەتان ملیۆن دۆلار بوو ... ئەو پیْ کیْ کیْ یە نەما و دەوری تەواو بوو ... ستراتیژ و تاکتیکی پیْ کیْ کیْ سەرتاخوار گۆڕاوە و بووەتە حیزبێکی ئاوەڕووتکراو.

مانگیش هەر سەرلەئێوارەوە دیارە. ئەوەتا ژمارەیەکی زۆر ئەندامانی چالاك و ئیشکەر وازیان لە پیْ کیْ کیْ هێناوە و ژمارەیەکی زۆرتر پشتیان ساردبووەتەوە. پیْ کیْ کیْ دەبیْ دان بەم راستییە تالوتفتەدا بنیْ و بزانیْ کە سەرچلی و سەرەڕۆیی و سەرکێشی سووتی نییە و نابیْ.

ئەوەی ئەورۆ هۆی پەژارە و دلەڕاوکە و جێی پرسیارە ئەوەیە کە چەند رۆژێکی دیکە کاتێك چەکدارەکانی پیْ کیْ کیْ بە فەرمانی ئاپۆ سنووری دەولەتی ترك بەجێدەهێلن، ئابە دەچن بۆکویْ؟ دیارە یان دەبیْ بچن بۆ دەولەتێکی دراوسێی ترك، یان رووبکەنە نیوچەی (هەرێمی ئاسایش) لە باشووری کوردستان، چونکە رێیەکی

